www.kurdistannet.org
3-10-2006 12:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کەڕیفۆرم قەبوڵ ناکەن ئاسایشی نیشتمانی و هاوڵاتیان مەشیێوێنن ... کۆمەڵی ڕوناکبیری گەرمیان/کفری

لەگەڵ ئەوەشدا ئەزمۆنی چەندین ساڵی حیزبی کوردی ئەوەی ئاشکرا کرد کە ناتوانی تێبگات لە بەکارهێنانە تەندروستەکانی چەمکی حیزبی سیاسی و بەردەوام خۆی لەسەرپێهاتەکانی خێڵەکایەتی مانفیست کردووە، ئەگەرچی ئەم ئەزمەی بچوکردنەوەی حیزبی سیاسی بۆ ئاستی خێلەکی و عەشیرەتگەرای ڕاستەوخۆ سڕینەوەی هەموو ڕەهەندە فیکری و نیشتمانی و کۆمەڵایەتیەکانی گەیاندووە، بەڵام هاوڵاتیانی ئەم مەملەکەتە هەمیشە تروسکەیەکی ئومیدیان تیادا ماوەتەوە بۆ ئەوەی حیزبەکانی دەسەڵات بە تایبەتی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەست بەرداری ئەو نەزمە کۆن و سواوەی حیزبایەتی ببی کە کوتلە و عەشیرەتگەرای و کورتکردنەوەی حیزب و داودەزگای حکومی بۆ تە مانشێتی. حیزبێك لەسەرەتای تەمەنیەوە تاوەکو مێژوویەکی نزیك بە هەزارەها قوربانی بەخشیوە و بەحیزبی شەهیدان سەریان بەرز بووە، ئەگەر نەیدەتوانی هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ نۆیبونەوە و ڕیفۆرم و هەڵبژاردن و پاکسازی خۆیدا بۆچی ئەو تروسکە ئومێدەی هاوڵاتیانی کردە تەمی نائومیدی؟، ئەگینا بۆچی هەلپەرستانی نێو یەکێتی دەیانەوی حیزبی شەهیدان و خاوەن سەرەوەری تەسلیم بەدەست کۆمەڵی قاچاغچی و مەسئولی نافیکری و عەشیرەتگەر بکەن؟ هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەی ڕیکخستنەکانی یەکێتی لە گەرمیاندا سەلماندی کۆمەڵی بەرژەوندیخواز دەبنە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم ئەو بەرنامە ئینسانی و نیشتمانیە ڕۆشنانەی کە حیزبی شەهیدان دەیەوی لەرَێگەی ڕیفۆرمەوەجیبەجی بکات و ئەو بۆشایە گەورەیەش کە لەنێوان هاوڵاتیان و یەکێتی دا هەیە بە خزمەتگوزاری پڕبکاتەوە و یەکێتی بگۆڕی بۆ حیزبیکی مۆدیرن و مەدەنی، کە چی بەداخەوە ئەو بەرپرسە بەڕیزانەی کە ناتوانن لەسەرئاستی فیکر شەڕی هەڵبژاردن بکەن پەنا دەبەنە بەر نانەوەی جیاوازی عەشیرەتگەری و ناوچەیی و هینانی کۆمەڵی چەمکی نامەشروعی سیاسی، لەهەمان کاتدا هەر ئەو بەرپرسانەن نەهامەتی و نالەباری ژیانی هاوڵاتیان ئیستغلال دەکەن و تادوێنی هاوڵاتیانی گەرمیان سکاڵای نالەباری ژیانیان دەگەیاندە لای ئەو بەرپرسانە بۆ چارەسەرکردن کەچی دەنگی کەسیان نەدەبیست و ئیستاش هەر ئەوانن دەرگای دەریای دۆلاریان خستۆتە سەر پشت و بە پارەی ئەم میلەتە ستەم دیدەیە پیاوباشی دەکەن و ئەندام لەخۆیان کۆدەکەنەوە، ئەوە مژدەی پلە بەرزکردنەوە و زەوی و نەجمە و سەفەری ئەوروپا کەس لییان ناپرسی، تێوە گلاندن و ناوهینانی هەڤاڵی بەڕیز مام جەلال لەو بەڵین و ئیمتیازاتانەی کەدەدری بە ئەندامەکان و هاوڵاتیان کۆسپێکی ترە لە بەردەم دواکەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرم چونکە هەڤاڵی لەلای هەموو کورد سەرۆکی نەتەوەییە و بەڕیزیشی دژی هەموو بارودۆخێکی ناسروشتیە. لێنەپرسینەوە لەو گروپە چەکدارانەی کە کاری نائاسایی دەکەن وەکو تەقە کردن و هێز پیشاندان تەگەرەیەکی ترە بۆ سەر ڕەوتی ئاسایی ژیان، چونکە بەو حاڵەتە نائاسایانە سەرجەم حیزبە سیاسیەکانی تر و چینەکانی کۆمەڵ زەرەرمەند و نائومێد دەبن، ئێمە ئومید دەکەین لەسەر بنەمای حەقیقەت ئاڵۆزیەکان چارەسەربکری و هاوڵاتیان تێوە نەگلینن لەم ئاڵۆزیە لابەلایانەدا و داواش لە دەسەڵاتی دادوەری شارەکەمان دەکەین ئەوانەی ئاڵۆزی حیزبی تێکەڵ بە ئەمن و ئاسایشی شاردەکەن لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکری.